# پەیڕەوی ناوخۆی
# ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش

ئامادەوچاپکردنی
یووسف ئەحمەد منتک



چاپخانەی شەهید سەپان


ناوی کتێب: پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوی ئالای شۆرش

پیتچنین و نەخشەسازی: یووسف ئەحمەد منتك

نەخشەسازی بەرگ: شێروان فاروق

چاپ:

تیراژ:

نرخ:

# بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم**

ئالای شۆڕش ڕێکخراوێکی سیاسی چینی کرێکاری عێراقە. لەسەر بناغەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی پڕۆلیتاریا دامەزراوەو ئایدیۆلۆژی مارکسیزم – لینینزم، ڕابەرێتی و سوود لە ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و گەلانی تێکۆشەر وەردەگرێ و بەشێکە لەبزووتنەوەی پڕۆلیتاری لە عێراقدا (لەم بارو دۆخەدا قورساییەکەی کەتوۆتە کوردستانی عێراقەوە).

**ماددەی دووەم**

ئامانجەکانی ئالای شۆڕش

لەپێناو ڕێکخستنی چینی کرێکارانی عێراق وبەهێزکردن وپتەوکردنی ڕیزەکانی، بەمەبەستی یەکخستنی گرووپەکانی لە پارتێکی یەکگرتووی پڕۆلیتاریدا خەبات دەکات.

لەپێناوی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سۆشیالیستانە بەناو ڕیزەکانی چینی کرێکاراندا، بۆ بەشداریکردنییان لەبزووتنەوەی شۆڕشگێرانەدا، بەمەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی بۆرژواو

گــرتنه دەســتی دەســەڵاتی سیاســی لەلایەن پرۆلیتاریاوەو بنیاتنانی سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم خەبات دەکا.

لەپێناوی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕانە خەبات دەکا، کە پێشمەرجە بەرەو شۆرشی سۆشیالیستی و زەمینەی لەباری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بۆ پەرەسەندنی ململانێی چینایەتی ڕووەو باشترو چاکتر دەڕەخسێنێ، سەربەخۆیی ئابووری وسیاسی دابین دەکاو مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد مسۆگەردەکا، مافەرەواکانی کەمە نەتەوەییەکان جێ بەجێ دەکاو پێویستییە ماددی ومەعنەوییەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی ئامادە دەکا.

# بەشی دووەم

## بناغەی ڕێکخستنی ئاڵا

**ماددەی سێیەم**

ناوەندێتی دیموکراتی

آ – هەڵبژاردنی هەموو دەزگا سەرکردایەتێکان هەر لەخوارەوە تا لووتکە.

ب – دیسپلینی حیزبی پتەو ملکەچی کەمایەتی بۆ زۆربە.

ج – سەرکردایەتی بە کۆمەڵ.

د - ڕابەرایەتی کردن و پێشکەشکردنی ڕێنوێنی لەلایەن دەزگاکانی سەرەوە بۆ ڕێکخراوەکانی خوارەوەو بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لەڕیزەکانی خوارەوە بۆ دەزگاکانی سەرەوە.

هـ - ئازادی وتوو وێژکردن و ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن.

**ماددەی چوارەم**

مەڵبەندی بەرهەم هێنان

کۆمیتە کرێکارییەکان لە شوێنی کارو ژیانی چینی کرێکاراندا پێک دەهێنرێن و پاشان لەڕێکخستنی شارو پارێزگاکاندا ڕێک دەخرێن.

# بەشی سێیەم

## ئەندامەتی

**ماددەی پێنجەم**

مەرجەکانی ئەندامەتی

ئەوەی ئەم مەرجانەی تێدابێت مافی ئەندامەتی هەیە:

١ – بەپەرۆشەوە هەوڵبدات بۆ ڕەخنە لێگرتنی دروست وگەشەپێدان وئیلتیزام پێکردنی ((پڕۆژەی ئاقاری گشتی بەرنامەی لایەنی کەمی)) ئالا لەپێناوی فۆرمولە کردنی بەرنامەیەکی زانستیانە و واقیع بینانەی تێرو تەسەل بۆڕێکخستن ویەکخستنی ڕیزەکانی چینی کرێکارانی عێراق لەپارتی پێشرەوی خۆیان دا، و هەروەها ئیلتیزامی تەواوی بە پەیڕەوی کاتی ناوخۆوە هەبێ .

٢ – لەیەکێک لەشانەکانی ڕێکخستنندا کار بکات.

٣ – بەپێی دەرامەتی مانگانەی خۆی ئابوونە بدات.

٤ – تەمەنی لە ( ١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی شەشەم**

ئەرکەکانی ئەندامەتی:

١ – لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا بەهەموو توانایەوە تێبکۆشێ، لە پێناو ئامانجە دوورو نزیکەکانی چینی کرێکار.

٢ – بیرو بۆچوون و سیاسەتەکانی لە پراکتیکدا بنوێنێ و بەرگری لێبکات.

٣ – هەوڵبدات بۆ پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی ئالاو بەرژەوەندی چینایەتی بخاتە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەتییەوە.

٤ – نهێنییە ڕێکخراوەییەکانی ئالاّ بپارێزی.

٥ – بێ وچان کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری چینایەتی وتیۆری خۆی وهاوڕیکانی بکات.

٦ – ئیلتیزام کردن بە دیسپلینی ڕێکخراوەییەوەو جێ بەجێ کردنی هەموو ئەو بڕیارو ڕێنوێنیانەی لە لایەن دەزگاکانی سەرووی خۆیەوە دەر دەچن.

٧ – پاراستنی ڕیزەکانی ڕێکخستن لەخۆتێخزاندنی کەسانی سیخورو تێکدەرو ئاژاوەچی و هەلپەرست.

٨ – پیادەکردنی ڕەخنەو ڕەخنەلە خۆگرتن بەشێوەیەکی بوێرانە و بنیات نەر.

٩ – بەبێ ئاگاداری ڕێکخستن نابێ شوێنی ژیان وکاری بەجێ بێڵێ.

**ماددەی حەفتەم**

مافەکانی ئەندامێتی:

١ – مافی خۆهەڵبژاردن و دەنگدانی هەیە لە دەزگا جیاجیاکاندا.

٢ – مافی ڕاو پێشنیارو ڕەخنەی هەیە، بەرامبەر بەهەر چالاکییەکی ڕێکخراوەیی یا سیاسی، لە ڕێی کۆبوونەوەی شانەو لیژنەکانەوە، دەرببڕێ وبەرزبکاتەوە بۆ دەزگاکانی سەروی خۆی.

٣ – مافی پارێزگاریکردنی هەیە لە ڕاو بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی ، لەریگای ئووسولی ڕێکخستنەوە بەرزی بکاتەوە، بەمەرجێک لە چوار چێوەی پرەنسیپەکانی ڕێکخستن نەچێتە دەرەوە.

٤ – لەکاتی پیویستدا بە پێی ئەو پەیڕەوەی کاری لەسەر دەکرێ، بەپێی توانا یارمەتی دەدرێ.

**ماددەی هەشتەم**

هەر کەسێک ئەندامی حزبێک یا ڕێکخراوێکی تربێ، تەنها کۆمیتەی سەرکردایەتی بۆی هەیە بڕیاری وەرگرتنی بدا.

**ماددەی نۆیەم**

سزادان:

هەر هاوڕێیەک بکەوێتە هەڵەوە، یان زیان بە ڕێکخراوەکەی بگەیەنێ، یا بەنهێنی کار بۆ ڕێکخراویکی تر بکات، دووچاری یەکێ لەم سزایانەی خوارەوەدەبێ:

١ - وریاکردنەوە

٢ - سەرزەنشت

٣ - دەرکردن لەڕیزەکانی ڕێکخستن

دووا بڕگە تەنها ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

آ - پاکانە

ب - دانپیانان

ج - بەنهێنی کارکردن بۆ ڕێکخراوێکی تر

د - یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامێتی لەدەست بدات

## بەشی چوارەم

### تەشکیلات

**ماددەی دەیەم**

تەشـــــکیلاتی ئــــالاّ لە شـــــێوەی - هەرەم - لەخوارەوە بۆ سەرەوە دائەڕێژێت:

(( ئەلـقەی دیراســی، شـانە ، شـانەی سـەرەکی، کەرت ، کـۆمیتەی پارێزگـا، کـۆمیتەی شـارەکان، لیژنەی سەرپەرشتی )).

ئەلقەی دیراسی: هەرکەسێک بییەوێ بێتە ڕیزی ڕێکخـــستنەوە، دەبـــێ لە ئەلـــقەی دیراســـییەوە دەست پێبکات، بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١ – دەبـێ ئەو کۆرسـە دیراسـییە تەواوبکـات کە لەلایەن کەرتەوە بۆی دەستنیشان دەکرێ.

٢ – یـارمەتی بەپێـی دەرامەتـی مانگـانەی خـۆی بدا.

٣ – چالاکانە کاروباری ڕێکخستن جێبەجێ بکا

٤ – پەیونـــــدی خـــــۆی لەگەل جەمـــــاوەری زەحمەتکێشاندا تووندو تۆڵ بکات

٥ – ئەدەبیاتی ئالابخوێنێتەوە

٦ – ماوەی مانەوە لە ئەلقەی دیراسی :

آ – بۆ کرێکار – چوار مانگ- کەمتر نەبێت

ب –بۆ غەیرە کرێکار –شەش مانگ –کەمتر نەبێت

شانە: لە سێ تا پێنج ئەندام پێک دێت، بەپێی ڕەچاو کردنی بارو دۆخ و شێوەی خەبات.
شانەی سەرەکی: لە سێ تا پێنج شانە پێک دێت.
کەرت : لە سێ تا پێنج شانەی سەرەکی پێک دێت .
کۆمیتەی پارێزگا: لە سێ تا پێنج کەرت پێک دێت.
کۆمیتەی شارەکان: لەکۆمیتەی هەموو پارێزگاکان پێک دێت.

لیژنەی سەرپەرشتی : لە سێ تا پێنج ئەندام پێک دێت، لەگەل دوو تا سێ ئەندامی ئیحتیاد.

**ماددەی یازدەم**

پالێوراو

هەر کەسێک مەرجەکانی ئەلقەی دیراسی تێدابێ و ماوەکەی تەواو بکات ، دەبێ بەپالێوراو بەمەرجێک لەلایەن کەرتەوە پشتیوانی(تەزکییە) کرابێت.

آ - پالێوراو هەموو ئەرک و مافەکانی ئەندامی هەیە، جگە لەمافی خۆهەڵبژاردن و دەنگدان.
ب – ماوەی پاڵاوتن لایەنی کەم لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و دوو ئەندام پشتیوانی (تەزکییەی) بکات.
ج – کردنە ئەندام لەدەسەڵاتی کۆمیتەی شاردایە، لەوبارەوە کۆمیتەی شارەکانی لێ ئاگادار دەکاتەوە.
د – کردنە ئەندام لەڕێکخستنی دەرەوەو ڕیزەکانی پێشمەرگە، لەدەسەلاتی دەزگای ڕێکخستن دایە.

**ماددەی دوازدەم**

ئەرک ودەسەڵاتی شانەکان، ڕیکخراوە بنکەییەکان بنچینەی حزبن.
ئالای شۆرش پشت بە چەسپاوی و کارامەیی ڕێکخراوە بنکەییەکانی خۆی دەبەستێ:
١ – شانە بەپێی پەیڕەو پرۆژەو سیاسەتی ئالا کاردەکات.
٢ – چاودێری وسەرپەرشتی ئەندامانی دەکات و ئەرکەکانی جێ بەجێ دەکات.
٣ – لایەنی کەم – دە – ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەی خۆی دەکات، لەگەل ڕەچاوکردنی

بارودۆخی ڕۆژگاری خەبات، هەر وەها ڕاپۆرتی خۆی بەرز دەکاتەوەو وەڵامی خوارەوەی خۆی بە راپۆرت دەدا.

٤ – پڕوپاگەندە بۆ بیرو فەلسەفەی چینی کرێکار دەکاو هەوڵدەدات کرێکاران هۆشیار بکاتەوەو ریکیان بخا لە ڕێکخراوی چینایەتی خۆیاندا.

٥ – ئابوونەی مانگانەی ئەندامان ویارمەتی دۆستان و پیتاک کۆدەکاتەوە.

٦ – ئەدەبییاتی ئاڵا دەخوێنێتەوەو لێی دەکۆڵێتەوە، رەخنەو پێشنیاری خۆی بەرز دەکاتەوە.

٧ – هەموو ئەندامانی شانە لێپرسراون لە بەڕێوەبردنی کاروباری شانەکە.

# بەشی پێنجەم

## کۆنفرانس

**ماددەی سێزدەم**

پلینۆم

١ – پلینۆم کۆبوونەوەیەکی فراوانە، لە حالەتی زۆر پێویست یا ڕوودانی گۆڕانێکی سیاسی گرنگ یا لەسەر داواکردنی زیاتر لە ٣/٢ ی ئەندامان دەبەسترێ.

٢ – ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئیحتیاتەکان و ئەندامانی کۆمیتەی شارەکان و کادیرە پێشکەوتووەکان بەشداری تێدا دەکەن.

٣ – پلینۆم جگە لەم دەسەڵاتانەی خوارەوە، دەسەڵاتی کۆنفرانسی هەیە لە هەموو بڕیارێکدا:

آ – دەستکاری وگۆڕینی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ.

ب – گۆڕینی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

ج – دیاریکردنی چارەنووسی ڕێکخراوەکە.

٤ – دەسەلاتی تەجمیدکردنی لە ٢/١ ی ئەندامانی سەرکردایەتی هەیە و بەکارەکانی ڕابردوو دادەچێتەوە.

**ماددەی چواردەم**

١ – کۆنفرانس بەرزترین دەسەڵاتە لە ئاڵای شۆڕشدا.

٢ – کۆنفرانس: لەم ئەندامانە پێکدێ کە هەڵئەبژێردرێن لەلایەن ڕێکخستنی بنکەیی وناوچەییەکانەوە بۆ نوێنەرایەتییان لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ئیحتیاتەکان و کادیرە پێشکەوتووەکان.

٣ – کۆنفرانس لە دوو ساڵدا جارێک دەبەسترێ یان لەکاتی ڕوودانی گۆڕانێکی گرنگدا.

٤ – ژمارەی بەشدار بووان و شوێن و کاتی کۆنفرانس لەدەسەلاتی کۆمیتەی سەرکردایەتی دایە.

**ماددەی پازدەم**

ئەرک ودەسەڵاتەکانی کۆنفرانس:

١ – دانانی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ.

٢ – هەڵبژاردنی سەرکردایەتی.

٣ – تەنها کۆنفرانس بۆی هەیە ناوی ئاڵا بگۆڕێ یا بڕیاری یەکگرتنی لەگەڵ ڕێکخراوێکی تر.

٤ – پێداچوونەوەی کاروباری ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و کادیرە پێشکەوتووەکان و سزادانی کەمتەرخەمەکان.

# بەشی شەشەم

## دارایی ئاڵا

**ماددەی شازدەم**

١ – دارایی ئاڵا پێکدێت لە:

آ – ئابوونەی ئەندامان و یارمەتی دۆستان.

ب – پیتاکی ئەندامان و دۆستان.

٢ – کۆکردنەوەی پیتاک بە پێی پسوولە دەبێت ، ئەویش لەلایەن لیژنەی داراییەوە دەردەچێت.




گوتنێک: پرۆژەی پاراستن و بەئەرشیفکردنی بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکانی ئالای شۆڕش.

ئەم پەیڕەوی ناوخۆی ئالای شۆڕش بەسووت وەرگرتن لە دەست نووسی ( شەهید ئازادی فەقێ عەلی ) لەدوای ڕاپەڕین لەبەهاری – ١٩٩١ - لە ئەشکەوتێکی گوندی – کوردە میر- ی گەرمیان دۆزراوەتەوە، لە والی مەلا ئیدیس وەرگیراوە.

٢١ – ٠٧ – ٢٠١٦ ، پێنج شەم ، ئەلمانیا